بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٤٧) سالی چوارەم ٢٠٠٤/٣/٢٥ زاینی (٥)ی نەورۆز ٢٧٠٤ی کوردی (٤)ی صفر ١٤٢٥ی کۆچی

47

## لەم ژمارەیەدا :

- **یاسای ژمارە (٢٤)ی سالی ٢٠٠٤** ل١
دەوام پێدانی بەرکارخستنی یاسای ئەحوالی شەخصی ژمارە (١٨٨)ی هەموارکراوی سالی (١٩٥٩) لە هەرێمی کوردستانی عێراق

- **بڕیاری ژمارە (٤٤)ی سالی ٢٠٠٤ی پەرلەمان** ل٣
متمانەدان بە دوو وەزیر لە ئیدارەی سلێمانی

- **بڕیاری ژمارە (٤٥)ی سالی ٢٠٠٤ی پەرلەمان** ل٤
قبولکردنی هەردوو پالێوراو (عبدالله عمر بابکر) و (حسن عبدالکریم زمان برزنجی) بە ئەندامی ئەنجومەن

- **بڕیاری ژمارە (٤٦)ی سالی ٢٠٠٤ی پەرلەمان** ل٥
قبولکردنی پالێوراو (د. قیس دیوالی سعید دۆسکی) بە ئەندامی ئەنجومەن

- **رێنمایی ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠٠٤ی وەزارەتی رۆشنبیری** ل٦
چۆنیەتی مۆلەتدانی فیلم

- **بەیاننامەی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٤ی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی** ل١٠
دامەزراندنی یەکەی تەندروستی بەندیخانەکان لە هەردوو فەرمانگەی تەندروستی هەولێرو دهۆك

- **بەیاننامەی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٠٤ی وەزارەتی کشتوکال و ئاودێری** ل١١
کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی بەنداوو کۆگا ئاویەکان)و (بەشی ئامێرکاری و وەرشەکان)

www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر بالەخانەی وەزارەتی داد

بە ☎ (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـــدة الرســـمية لحكـــومة أقليم كوردســـتان العـــراق – تصـــدرها وزارة العـــدل

العـــدد ( ٤٧ ) الســـنة الرابعة ٢٥/ ٣/ ٢٠٠٤م ( ٥ ) نەورۆز ٢٧٠٤ ك ( ٤ ) صفر ١٤٢٥ هـ

## في هـذا العــدد


- **قانون رقم (٢٤) لسنة ٢٠٠٤** ص١٢
  سريان نفاذ قانون الاحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ المعدل في اقليم كوردستان ـ العراق.

- **قرار برلمان كوردستان رقم (٤٤) لسنة ٢٠٠٤** ص١٤
  منح الثقة لوزيرين في ادارة السليمانية

- **قرار برلمان كوردستان رقم (٤٥) لسنة ٢٠٠٤** ص١٥
  قبـــول المرشـــحيـــن (عبـدالله عمـــر بابكـــر) و (حسن عبدالكريم زمان برزنجي) اعضاءاً في المجلس

- **قرار برلمان كوردستان رقم (٤٦) لسنة ٢٠٠٤** ص١٦
  قبول المرشح (د. قيس ديوالي سعيد دوسكي) عضواً في المجلس

- **تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة الثقافة** ص٦
  كيـفيـــة منـــح اجـــازة الـفـلــم

- **بيان رقم (١) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية** ص١٠
  تأسيس (وحدة صحة السجون) في دائرتي صحة اربيل ودهوك

- **بيان رقم (٤) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة الزراعة والري** ص١١
  فتح (مديرية السدود والخزانات المائية) و (قسم الاجهزة والورشات)


www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

البـدالــة ( ٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان :٢٤**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/٢/٧**

پشت بە حوكمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی و، ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ، لە دانیشتنی ژمارە(٤٠)ی رۆژی (٢٠٠٤/٢/٧) یدا بەئەنجامی گەیاندووەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٢٤ )ی ساڵی/٢٠٠٤
## یاسای دەوام پێدانی بەركارخستنی یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە( ١٨٨ )یهەمواركراوی ساڵی ( ١٩٥٩ ) لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا

**ماددەی یەكەم:**
بەركارخستنی یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە (١٨٨)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٥٩)، لە هەرێمی كوردستانی ــ عیراقدا لەكاردا دەبێت.

**ماددەی دووەم:**
لە بارێكدا ئەگەر بڕیاری ژمارە (١٣٧)ی رۆژی (٢٠٠٣/١٢/٢٩)ی ئەنجومەنی حوكم بخرێتە بەركار یان هەر بڕیارێ یان هەر یاسایێ بخرێتە بەركار كە بە راشكاوی یان بە چمنی ئیلغای ئەو یاسایە بكات كە لە ماددەی یەكەمی سەرەوەدا هاتووە، ئەوە، لەو بارەدا ئەو یاسایەی لە ماددەی یەكەمی سەرەوەدا هاتووە دەبێتە یاسایەكی تایبەت لە هەرێمی كوردستانی عیراقدا.

**ماددەی سێیەم:**
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی ــ عێراق ولایەنە پێوەندیدارەكانیش ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی چوارەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەركارو لە (وەقایعی كوردستان) دا بڵاو دەكرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

# هۆکـاره پێویسـتـەکان

لەبەر ئەوەی کە یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ بە دەسکەوتێکی گرنگی گەلی عێراق دادەنرێ و، هاوگونجانێکی تەواوی لەنێوان حوکمە شەرعیەکان و یاسا وەزعیەکان و بیروڕای زیاتر گونجاوو پتر لەباری فوقەهادا سازاندووەو، لەگەڵ هەست و رۆحی سەردەمدا لەبارەو، لە رێگای یەکخستنی چاوگەکانی دادوەرییەوە، سەقامگیریی بۆ ژیانی خێزان و مافەکانی تاکە تاکەی خەڵك دابین کردووەو، یاساکارییەکی یەکگرتووی لە حوکمەکانی ئەحواڵی شەخصیدا داهێناوە کە بنیادێکی شایستەی بۆ سەقامگیریی بارودۆخی خێزان بە جۆرێ دامەزراندووە کە مافە شەرعیەکانی ئافرەتی واتا (نیوەی کۆمەڵگە)و، منداڵانیش کە هەر هەموویان بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەن و بەردی بناغەی کۆمەڵگەن، زامن کردووە، بۆ ئەوەی دادو عەدالەت و هاوسەنگی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بێتە دەست.

لەبەر ئەوەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، یاسای ئەحواڵی شەخصیی بە پێزترو دەوڵەمەندتر کردووەو، یاساکاریی بەرەو چاکتر بردنی تایبەت بە کوردستانی عیراقیشی بۆ زیاد کردووەو، بووەتە مایەی رەزامەندیی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەگەر بێت و ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی حوکم بخرێتە بەرکار، ئەوە، لەو بارەدا ئەو ئەحکامە زیادکراوانەمان پووچەڵ دەبێتەوەو، هەنگاوێکیش بەرەو پاشەوەمان دەگێڕێتە دواوەو، ئەمەش نە رەزامەندیی گشتیی لەگەڵ بووەو نە لەگەڵیشی دەبێ. لە بارێکدا ئەگەر بڕیاری ژمارە (١٣٧)ی رۆژی ٢٠٠٣/١٢/٢٩ بخرێتە بەرکار، ئەوە دەبێتە هۆی چەند لایەنەکی و پرشوبڵاویی چاوگەی حوکمەکان و بە فیڕۆدانی سامانی بە نرخ و گەورەی حوکمەکانی دادوەری و ئەو سەوابقە دادوەرییە شەرعییانەش کە زەخیرەیەکی بە نرخن و ساڵەهای ساڵە کەڵەکە بوون و پارێزراون. جا، لەبەر ئەو هۆکارە زەروورانە ئەم یاسایە یاساکاری کرا.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤٤**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٣/٤**

## " بـڕیـــار "

پـشت بـە حوکمـەکانی بڕیـاری ژمـارە (٢٤)ی رۆژی (٢٠٠٢/١١/٦)ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردستـانی عێـراق، ئەنجومـەن لـە دانیـشتنی ژمـارە (٤١)ی (خـولی گواسـتنەوە)یـدا رێکـەوتی (٢٠٠٤/٣/٤)، ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکــەم :** متمانــەدان بەمانــەی ناوەکانیــان لــە خــوارەوە تۆمــارکراوە، بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو پلەوپایانەی بەرامبەر ناوەکانیان نیشان دراوە:

١) نەوشـیروان فؤاد معروف مەستی ببێ بە وەزیری کاروباری پێشمەرگەی ـ ئیدارەی سلێمانی.

٢) د.احمد محمد مصطفی گەزنەیی ببێ بە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی ـ ئیدارەی سلێمانی.

**دووەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتـە بـەرکارو لـە (وەقـایعی کوردسـتان)دا بـڵاو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤٥**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٣/٤**

## " بـڕیــار "

پشت بە حوکمی ماددەی(٤٤)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)وماددەی (١٢)ی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و، لەسەر هەردوو داوای ژمارە (٨٤٢)ی رۆژی (٢٠٠٣/١٢/٣١)وژمارە (٢٠٧)ی رۆژی ٢٠٠٤/٢/١٤ی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی، کە خۆی خاوەنی لیستی (سەوز)ی هەڵبژاردنە، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٤/٣/٤)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم** : قبوڵکردنی هەردوو پاڵێوراو بەڕێزان(عبدالله عمر بابکر)و(حسن عبدالکریم زمان برزنجی) بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق.

**دووەم** : لەبەر ئەوەی ئەو دوو پاڵێوراوەی ئەو لیستی هەڵبژاردنەی سەرەوە، لەرۆژی(٢٠٠٤/٣/٤)دا سوێندی یاساییان خواردووە، لەبەر ئەوە ئەندامێتییەکەیان لە رۆژی(٢٠٠٤/٣/٤)ەوە لەکاردا دەبێت.

**سێیەم** : پێویستە سەرۆکایەتیی ئەنجومەن ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چوارەم** : ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنییەوە رێکەوتی (٢٠٠٤/٣/٤) ەوە دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:٤٦**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٣/٤**

## " بـڕیـــار "

پشت بە حوکمی ماددەی(٤٤)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)وماددەی (١٢)ی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عیراق و، لەسەر داوای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی، کە ئەو بۆشاییە لە لیستەکەی خۆیدا پەیدابووە، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٤/٣/٤)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم :** قبوڵکردنی پاڵێوراو رێزدار(د.قیس دیوالی سعید دۆسکی) بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**دووەم :** لەبەر ئەوەی پاڵێوراوی ئەو لیستی هەڵبژاردنەی سەرەوە، لە (٢٠٠٤/٣/٤)دا سوێندی یاسایی خواردووە، لەبەر ئەوە ئەندامێتییەکەی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقدا، لە (٢٠٠٤/٣/٤)ەوە لەکاردا دەبێت.

**سێیەم :** پێویستە سەرۆکایەتیی ئەنجومەن ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چـوارەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنییەوە رێکەوتی ٢٠٠٤/٣/٤ دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی رۆشـنبیری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی یاسا**
**مێژوو: ٢٠٠٤/٣/١٣**

## ڕێنمـای ژمـاره (١٢)ی سـالّی(٢٠٠٤)
## تایبـەت بە چـۆنیـەتی مۆڵەتـدانی فیـلـم

بە پێ ی ئەو دەسەلاّتەی لە ماددەی (٣)ی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی كوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموار كراو پێمان دراوە ، بۆ بەرژەوەندی گشتی و رێكخستنی كاروباری مۆڵەتدانی فیلم بڕیاری دەركردنی ئەم ڕێنماییەمان دا :ـ

**یەكـەم :ـ**

دەبێ خاوەن فیلم داواكارییەك پێشكەش بە لێژنەی مۆڵەتدانی فیلم بكات ، بەمەبەستی ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر مۆڵەتی بلاّوكردنەوەی فیلمەكەو پێویستە ئەم زانیاری و بەلّگانەی خوارەوەی لەگەلّ دا بێت :ـ

أ. پسولەی ڕێپێدانی گومرك ( التصریحة الگمركیة ) ئەگەر فیلمەكە لەدەرەوەی وولاّت هاتبێ.

ب. پسولەی ئەو وولاّتەی لێی هاتووە(شهادة المنشأ)لەو وولاّتەی كە فیلمەكەی لێ بەرهەم هێندراوە ئەگەر فیلمەكە لە دەرەوەی وولاّت هێندرا بوو .

ج. دەفتەرجەی پرۆپاگەندە( كراس اوراق دعایة ) (بریسس بوك ) یان (الشیت ).

د. ناوی فیلم بەزمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و ناوی دانەر و بەرهەم هێنەرەكەی و ناوی بەناوبانگترین پالّەوانەكانی.

هـ. ئەگەر فیلمی ناوخۆ بوو ، ئەوا دەبێت پێش كاركردن لە فیلمەكە سیناریۆكەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سینەما( لێژنەی پشكنینی سیناریۆ) مۆڵەت بدرێت ، بۆئەوەی خاوەن فیلم تووشی زەرەر نەبێت و، دواتر مۆڵەتی فلیمەكەی ئاسانتر دەبێت.

و. ئەو فیلمانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرهەمی دەهێنێت دەبێ بودجەكەی دیار بكرێت و كۆنتراكتی كارمەندان بەپێی ئەو خشتەی لە بەڕێوەبەرایەتی سینەمادا هەیە دابنرێت .

ز. وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەڕێوەبەرایەتی سینەما ، سەرپەرشتی ئەو كارانە دەكات كەوا بودجەكەی دیار دەكرێت ، بۆهەر دەرهێنەرێك كەلە دەرەوەی وولاّت هاتووەو كار دەكات ، قازانجی فیلمەكە بۆ هەردوولا بەرێژە دیار دەكرێت و لێژنەی تایبەتی بۆدادەمەزرێت .

ح. سود وەرگرتن لەلایەن خاوەن فیلمە خۆمالّیەكان لە گروپی بەڕێوەبەرایەتی سینەما و بەشداری كردنیان لەفیلمەكان.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان

**دووەم :ـ**

دەبێ خاوەن فیلم دەست نیشانی ئەو نووسینگەیە بكات كە فیلمەكەی تیادا بلاّو دەكاتەوە.

www.mojkurdistan.com

**سێیەم :ـ**

ئەو فیلمانەی کە خاوەنەکەی داوای بڵاو کردنەوەیان دەکات مۆڵەتدانی دەبێ لەلایەن لێژنەی مۆڵەتدانی فیلم سەیر بکرێ و، ئەگەر شیاوی بڵاوکردنەوە نەبوو ، ئەوە لەلایەن لێژنەکە بڕیاری ڕاگرتنی دەدرێ و دەبێتە مولکی وەزارەت .

**چوارەم :ـ**

ماوەی مۆڵەتدانی فیلم بۆ ماوەی ( ٥) پێنج ساڵە، لەڕۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەوە، ئەگەر ڕەزامەندیش لەسەر نوێ کردنەوی مۆڵەتەکە نەدرا، دەکرێ پاش (٣ )سێ ساڵ پشکنین (فحص)ی بۆ بکرێتەوە .

**پێنجەم :ـ**

مۆڵەتدانی فیلم بەناوی داواکار دەبێت ، بەڵام داواکار نابێتە خاوەنی و، نابێتە ئەوەی کەیەکێکی تر بەربەست بکرێ لە داواکردن بۆ پشکنین (فحص)کردنی نوسخەیەکی تر لە هەمان فیلمی مۆڵەتدراو بەمەرجێك داوا نوێیەکە هەمان ڕێو شوێنی یاسایی بۆ مۆڵەتدان بگرێتەبەر .

**شەشەم :ـ**

ڕێگە نادرێ نوسخەیەکی نوێ لەفیلمی مۆڵەتدراو نیشان بدرێ پێش ئەوەی دووبارە بپشکنرێتەوە، ئەگەر نوسخە نوێیەکەش لەلایەن خاوەن مۆڵەت داواکرابوو ئەو کاتە پێویست ناکات دووبارە رەسمی پشکنین (فحص)بدات.

**حەوتەم:ـ**

ئەو فیلمانەی کەلەناوخۆ بەرهەم دەهێنرێن دەکەونە ژێر چاودێرییەوە ، وە نابێت ئەم فیلمانە نیشان بدرێن یان بفرۆشرێن یان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێن ، پێش وەرگرتنی رەزامەندی لێژنەی مۆڵەتدانی فیلم.

**هەشتەم :ـ**

لێژنەی مۆڵەتدانی فیلم دەتوانێ ئەو فیلمەی کەمۆڵەتی بڵاوکردنەوەی وەرگرتووە، ئەگەر بارو دۆخێکی نۆی هاتە پێشەوە، لەنمایش کردن ڕابگرێت ، دوای ئەوەی هۆی راگرتنەکە دیار دەکات..

**نۆیەم :ـ**

بۆ وەزیر هەیە، لەکاتی پێویست بانگهێشتی لێژنەی مۆڵەتدانی فیلم بکات بۆ کۆبونەوەی بەپەلە.

**دەیەم :ـ**

**لەکاتی مۆڵەتدانی فیلم دەبێ جیاوازی بکرێت لەنێوان :ـ**

أ ـ ئەو فیلمانەی نمایش کردنیان بۆ هەموو لایەك دەبێت .

ب ـ ئەو فیلمانەی ناکرێت بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە نمایش بکرێن، دەبێ خاوەن سینەما لافیتەیەك لە دەرەوی سینەما هەڵبواسێت و ئەو تێبینیەی لەسەر بنوسێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**یازدە :ـ**

١) فیلمی خۆماڵی کوردی لەهەموو رسوماتێك دەبوردرێن، تاوەکو جمو جۆڵی سینەما لەکوردستان گەشە دەکات.

www.mojkurdistan.com

٢) فيلمی بيانی كەخاوەن سينەماكان دەيهێنن بۆ نمايش كردنی (واتە فيلمی (٣٥)مليم سينەمايی) دەبێت بەپێی دانيشتنی تايبەت لەنێوان لێژنەی مۆڵەتدان و خاوەن سينەماكان بەشێوەيەكی كاتی رسومات ديار بكرێت ، بەمەبەستی پێشخستنی بواری سينەما لە هەرێمی كوردستان .

**دوازدە :ـ**

بۆ لێژنەی مۆڵەتدانی فيلم هەيە مۆڵەتی ئەو فيلمانە بدات كە لەناوخۆ بەرهەم دەهێنرێن، هەروەهامۆڵەتی نمايشكردنی لە ناوەوەی هەرێمی كوردستان و دەرەوەی بدات، يان تەنها مۆڵەتی نمايش كردنی لەناو هەرێمی كوردستان بدات .

**سيانزە :ـ**

لێژنەی مۆڵەتدانی فيلم لەم لايەنانە پێك دێت :ـ

١ـ بەڕێوەبەرايەتی سينەما بە (٣ )سێ كەس .

٢ـ بەشی ياسايی لە ديوانی وەزارەت .

٣ـ نوێنەری ئاسايشی گشتی .

**چواردە :ـ**

١) دەبێت ژمارە و بەرواری مۆڵەت و جۆری فيلم و مۆری نووسينگە لەسەر بەرگی هەموو فيلمێك بدرێت .

٢) لەسەر نوسخەی فيلمەكە مۆڵەتەكە وێنە بگيرێت و لەسەرەوە پيشان بدرێت.

**پازدە:ـ**

داواكاری پشكنينی فيلم ( فحص الفلم )لەلايەن لێژنەی مۆڵەتدانەوە فيلم رەتدەكرێتەوە ئەگەر مەرجە ياساييەكانی مۆڵەتدانی تێدا نەبێت .

**شازدە:ـ**

سەرۆك وئەندامانی لێژنەی مۆڵەتدانیفيلم بەشێوەيەكی كاتی پاداشتی تايبەت لەوەزارەت وەردەگرن .

**حەڤدە :ـ**

١) نابێت بەهيچ جۆرێك گۆڕانكاری يان زياد كردن يان لابردن بۆفيلمی ڕێگە پێدراو بكرێت.

٢) نابێت ئەو پارچە فيلمە كەلەلايەن لێژنەی مۆڵەتدانەوە لادەبردرێ دووبارە بەكار بێتەوە.

٣) ئەو فيلمانەی كە لەنمايشكردن قەدەغە كراون نابێت بەهيچ جۆرێك نيشان بدرێن.

٤) نابێت لە پرو پاگەندەكردن بۆ نمايش كردنی فيلم، وێنەی ڕووت بەكار بێت.

٥) لێژنەی مۆلەتدانی فيلم بۆی هەيە سەردانی سينەماكان بكات بۆ چاودێری كردن بەپێی ڕێنمايەكانی وەزارەت و، لەكاتی سەرپێچی كردن فيلم لە نمايش كردن ڕابگرێت.

**هەژدە :ـ**

بۆ وەزير هەيە كۆتايی بەكاری لێژنەی مۆڵەتدانی فيلم بێنێت يان سەرۆك و ئەندامانی لێژنە لاببات، ئەگەر بەرژەوەندی گشتی وای خواســـــت .

ئــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان

**نۆزدە :ـ**

ئەو وێنەو تايتلانەی كەلە ناوەوەو دەرەوەی هۆڵەكانی سينەما هەڵدەواسرين دەبێ لەلايەن بەڕێوەبەرايەتی سينەما مۆركرابن .

www.mojkurdistan.com

**بیسـت :ـ**

ئەو وێنەو تایتلانەی لەدەرەوەی هۆڵی سینەماکان هەڵدەواسرێن نابێت بەهیچ جۆرێـك لەگـەڵ نمایش کردنی فیلمەکە ناکۆك بن.

**بیسـت ویـەك :ـ**

لەکاتی نمایش کردنی فیلمی مۆڵەتدراو لە سینەماکان تاکو پێنچ ساڵ بەسـەر نمـایش کردنـی تێنەپەڕێ، نابێت ئەو فیلمانە لە تەلەفزیونەکانی هەرێمی کوردستان نیشان بدرێن.

**بیست ودوو :ـ**

هەر ڕێنماییەکی دیکە کە لەگەڵ ئەم ڕێنماییەدا ناکۆك بێت، کاری پێ ناکرێت .

**بیست وسێ :ـ**

دەزگا بەرپرس و پەیوەنددارەکان لە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە بـۆ بەرژەوەنـدی گـشتی دەبێ هاوکاریمان بکەن .

**بیست و چوار :ـ**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی بلاْوکردنەوەی لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێ دەکرێت.

**محمـود محمـد محمـود**
**وەزیـــــری رۆشـنبیـری**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و فێركردنی تەندروستی**
**هۆبـــە : پـــلان**
**مێـــژوو: ٢٠٠٤/١/١٥**

## بــەیـــان ژمـــارە (١)

لــەپێناو بــەرەو پــێش خــستنی خزمــەتگوزاری تەندروســتی لــە بەندیخانــەكان، بڕیارمانــدا بەدامەزراندنی یەكەیەكی نوێ بەناوی (یەكەی تەندروستی بەندیخانەكان) لە هەردوو فەرمانگـەی تەندروستی هەولێر و دهۆك لە رێكەوتی دەرچوونی ئەم بەیانە.

**د. جـەمـــال عەبــدولحەمیـد**
**وەزیــری تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**
**ڕێکەوت/٢٠٠٤/٣/٨**

## بـەیـان ژمــارە (٤)

پاڵپشت بە بڕگە/٢ لە مادە/٢ لە یاسای ژمارە/١٠ی ساڵی/٢٠٠٠ (یاسای یەکەم هـەموارکردنی یاسای وەزارەتمان ژمارە/١٠ی ساڵی/١٩٩٢ بڕیارماندا بە:

١) کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی بەنداو و کۆگا ئاویەکان) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو.
٢) کردنەوەی (بەشی ئامێرکاری و وەرشەکان) لە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری پارێزگاکان.
٣) ئەو بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت.

**حەیـدەر شـێـخ عـەلـی**
**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بەوەکالەت**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم الإصدار: ٢٤**
**تاريخ الإصدار: ٢٠٠٤/٢/٧**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة (٤٠)والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٤/٢/٥وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠)لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

**قانون رقم ( ٢٤ ) لسنة ٢٠٠٤**
**قانون سريان نفاذ قانون الأحوال الشخصية رقم ( ١٨٨ )**
**لسنة ١٩٥٩المعدل في اقليم كوردستان ـ العراق**

**المادة الأولى:**
يعتبر نفاذ قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨)لسنة ١٩٥٩ المعدل سارياً في اقليم كوردستان ــ العراق.

**المادة الثانية:**
يعتبر القانون المذكور في المادة الأولى بمثابة القانون الخاص باقليم كوردستان–العراق في حالة نفاذ قرار مجلس الحكم رقم (١٣٧) الصادر في٢٩ / ١٢ /٢٠٠٣ أو أي قرار أو قانون يؤدي الى إلغائه صراحةً أو ضمناً.

**المادة الثالثة:**
على مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القانون.

**المادة الرابعة:**
يعتبر هذا القانون نافذاً اعتباراً من تاريخ صدوره وينشرفي الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د.روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

## الأسباب الموجبة

حيث أن قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ يعتبر مكسباً مهماً لشعب العراق بعد أن وفق بين الأحكام الشرعية والقوانين الوضعية وآراء الفقهاء الأكثر أنسجاماً وتماشياً مع روح العصر لضمان استقرار حياة العائلة وحقوق الفرد من خلال توحيد مصادر القضاء بإيجاد تشريع موحد في أحكام الأحوال الشخصية لإقامة بناء عائلة مستقرة الأوضاع ضامنةً الحقوق الشرعية للمرأة التي تعتبر نصف المجتمع والأولاد وهم جميعاً عماد المجتمع ولبنات بنائه وصولاً لتحقيق العدالة والتوازن والاستقرار الاجتماعي ولما كان المجلس الوطني لكوردستان العراق قد أغنى قانون الأحوال الشخصية من خلال إضافات تشريعية خاصة باقليم كوردستان نالت الأستحسان من شتى قطاعات المجتمع الكوردستاني وشرائحه في حينه وإن العمل بقرار مجلس الحكم المشار اليه يعني إلغاءًا للأحكام المضافة وتشكل خطوة الى الوراء لم ولن تلق القبول العام وبما أن القرار رقم (١٣٧) الصادر في ٢٩/١٢/ ٢٠٠٣ سيؤدي في حالة نفاذه الى تعدد وتشتت مصدر الأحكام والى تبديد الثروة الكبيرة لأحكام القضاء والسوابق القضائية الشرعية المتراكمة منذ عقود عدة لذا فلقد شرع هذا القانون.

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان - العراق
رقم القرار:٤٤
تاريخ القرار: ٢٠٠٤/٣/٤

## " قـــرار "

استناداً لأحكام القرار(٢٤) الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان– العراق في ٢٠٠٢/١١/٦، قرر المجلس بجلسته المرقمة (٤١) (الدورة الانتقالية) في ٢٠٠٤/٣/٤ مايلي:

**أولاً** : منح الثقة للمدرجة أسماءهم أدناه لإشغال المناصب المبينة إزاء كل منهم:

١) نەوشیروان فؤاد معروف مەستي وزيراً لشؤون البيشمەرگە–إدارة السليمانية
٢) د.أحمد محمد مصطفى گەزنەیی وزيراً للأوقاف والشؤون الإسلامية–إدارة السليمانية

**ثانياً** : ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة (وقائع كوردستان).

**د.روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم القرار: ٤٥**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٤/٣/٤**

## " قــرار "

استناداً إلى حكم المادة(٤٤)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل والمادة(١٢)من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان–العراق رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءً على طلبي المكتب السياسي لحزب الاتحاد الوطني الكوردستاني المرقمين (٨٤٢)في ٢٠٠٣/١٢/٣١و(٢٠٧)في ٢٠٠٤/٢/١٤بأعتباره صاحب القائمة الانتخابية (الخضراء)، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٤/٣/٤مايلي:

**أولاً** : قبول عضوية كل من المرشحين السيد (عبدالله عمر بابكر)و السيد (حسن عبدالكريم زمان برزنجي) في المجلس الوطني لكوردستان العراق.
**ثانياً** : لأداء المرشحين في القائمة الانتخابية أعلاه اليمين القانونية في ٢٠٠٤/٣/٤ عليه تكون عضويتهما في المجلس الوطني لكوردستان العراق نافذة اعتباراً من ٢٠٠٤/٣/٤.
**ثالثاً** : على رئاسة المجلس تنفيذ القرار.
**رابعاً** : يكون هذا القرار نافذاً اعتبارا من تاريخ إقراره في ٢٠٠٤/٣/٤وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

**د.روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم القرار: ٤٦**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٤/٣/٤**

## " قــــرار "

استناداً إلى حكم المادة(٤٤)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل والمادة(١٢)من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان–العراق رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءً على طلب المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني باعتبار الشاغر قد حصل ضمن قائمته، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٤/٣/٤مايلي:

**أولاً** : قبول عضوية المرشح السيد (د.قيس ديوالي سعيد دوسكي)في المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**ثانياً** : لأداء المرشح في القائمة الانتخابية أعلاه اليمين القانونية في ٢٠٠٤/٣/٤ عليه تكون عضويته في المجلس الوطني لكوردستان العراق نافذة اعتباراً من ٢٠٠٤/٣/٤.

**ثالثاً** : على رئاسة المجلس تنفيذ القرار.

**رابعاً** : يكون هذا القرار نافذاً اعتبارا من تاريخ إقراره في ٢٠٠٤/٣/٤وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د.روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العــراق**

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com